# فەتواکانی لێژنەی باڵای
# فەتوای کوردستان

# حوکمی مامەڵەی
# Q net

یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لێژنەی بالای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
اللجنة العليا للإفتاء

ژمارە : ١٤٠

بەروار : ٥/٤/٢٠١٧

(( ڕۆنکردنەوەی شەرعی ))

دوای ئەوەی لە ڕۆژی ٢٠١٧/٣/٧ بەڕێز (( علی فتحی حسن )) نوێنەری کۆمپانیای (( Q net )) سەردانی لێژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستانی کرد و پرسیاری کرد سەبارەت بە کڕین و فرۆشتنی هەندێك کەل و پەل و کالای بازرگانی ، وە لەبەردەم لێژنەکەمان بەشێوەیەك پرسیارەکەی ڕون کردەوە و نمایش کرد کە زۆربەی ئەندامانی لێژنەکەمان دروستی ئەو جۆرە مامەڵیان بۆ بڕیار دا ، وە لێژنەکەمان بە نوسراوی ژمارە (١٠٣) لە بەرواری ٢٠١٧/٣/٧ ، نوسراوی فەرمی بەدروستی ئەو مامەڵانە بۆ کرد .

بەڵام دواتر کە چەند هاوڵاتیەکی تر سەردانی لێژنەکەمانیان کرد و چۆنیەتی مامەڵەکەیان بەکرداری بۆ لێژنەکە روون کردەوە کـــە ئەو کۆمپانیا ئەنجامی دەدات بۆمان دەرکەوت کـــە ئەم مامەڵانەی کـۆمپانیای (( Q net )) لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێن و زۆربەی شێوەکانی وەکالەتی دروست نین .

بۆیە لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی خۆی لە بەرواری ٧/رجب/١٤٣٨ ك ، بەرامبەر بە ٢٠١٧/٤/٤ ز ، بڕیاری دا بە :

١- ئەم بابەتە بە تایبەتی و مامەڵە کردن لەگەڵ کۆمپانیای (کۆمپانیای (( Q net ) بە گشتی دەخرێتەوە بەردەم لێژنەکەمان بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر خوێندنەوەی زیاتری هەموو لایەکانی و لە زوترین دەرفەتدا وەڵامی شەرعی تەواوی لە بارەوە بڵاو دەکاتەوە .

٢- تا ئەو کاتەی لێژنەکەمان دەگاتە بڕیاری کۆتایی لەو بارەیەوە فەتوای ئاماژە پێکرا کە بە نوسراوی فەرمی ژمارە (١٠٣) لە بەرواری ٢٠١٧/٣/٧ لە لێژنەکەمان دەرچووە کارپێکردنی ڕادەگیرێت .

٣- داوامان لە هاوڵاتیان ئەوەیە کە هیچ مامەڵەیەك لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو ئەنجام نەدەن بە پشت بەستن بە فەتوای ئاماژە پێکراومان تا ئەوکاتەی لێژنەکەمان بڕیاری کۆتایی لەو بارەیەوە بڵاو دەکاتەوە .

٤- داوا لە کۆمپانیای (کۆمپانیای Q net ) دەکەین کە فەتوای ئاماژەپێکراومان بگەڕێنێتەوە و پشتی پێ نەبەستێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ هاوڵاتیان چونکە بە شێوەیەك بۆ لێژنە باس کراوە کە زۆر جیاوازە لەگەڵ واقیعی کار کردنەکەیان ، تا بڕیاری کۆتایی لێژنەکەمان لەو بارەیەوە دەردەچێت .

لەگەڵ ڕێزماندا

لێژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان

ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العـنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org